# مریشك و هەزارپێ


Winny Asara

Magriet Brink

Agri Afshin


kurdiska (sorani)

nivå 3

(utan bilder)

مریشك و هەزارپێ هاوڕێ بوون، بەڵام هەمیشە حەزیان لێ بوو پێکەوە پێشبڕکێ بکەن. ڕۆژێك پێکەوە یاری تۆپی پێیان کرد بۆ ئەوەی بزانن کامیان باشترین یاریزانە.

پێکەوە چوونە گۆڕەپانی تۆپی پێ و یارییەکەیان دەست پێ کرد. مریشک خێرا بوو، بەڵام هەزارپێ خێراتر بوو. مریشک شەقی لە تۆپەکەی دا و بۆ دوور ڕۆیشت بەڵام تۆپەکە بە شەقی هەزار پێکە دوورتری ڕۆیشت. مریشک هەتا دەهات توڕەتر و توڕەتر دەبوو.

ئەوان بڕیاریان دا کە یارییەکی پەناڵتی جەزا لێدان بکەن. یەکەم جار هەزارپێ گۆڵچی بوو. مریشك تەنیا گۆڵێکی کرد. دواتر نۆرەی مریشك بوو کە گۆڵچی بێ.

هەزارپێ شووتێکی لێدا و گۆڵی کرد. هەزارپێ دریبلێکی کرد و گۆڵی کرد. هەزارپێ بە سەر گۆڵێکی کرد. هەزارپێ پێنج گۆڵی کرد.

مریشکەکە لەبەر ئەوەی دۆڕاندبووی، زۆر تووڕە بوو. ئەو زۆر خراپی دۆڕاندبوو. هەزارپێ دەستی بە پێکەنین کرد، چونکە هاوڕێکەی گوڕە گوڕی دەکرد.

مریشك زۆر تووڕە بوو دەنووكی كردەوە و هەزراپێیەكەی قووت دا.

کاتێك مریشك دەچووەوە ماڵێ، چاوی بە دایکی هەزارپێ کەوت.
دایکی هەزارپێ لێی پرسی: “منداڵەکەی منت نەدیوە؟” مریشك
هیچی نەگوت. دایکی هەزارپێیش نیگەران بوو.

پاشان دایکی هەزارپێ گوێی لە دەنگێکی لاواز بوو کە دەیگوت: "دایە یارمەتیم بدە!" دایکی هەزارپێ چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا و بە باشی گوێی بۆ دەنگەکە ڕاگرت. دەنگەکە لە ناو مریشکەکەوە دەهات.

دایکی هەزارپێ هاواری کرد: “رۆڵە ئەو فێڵەی بە کار بێنە کە دەتوانی!” هەزارپێ دەتوانێ بۆنێکی ناخۆش و تامێکی ناخۆش دروست بکات. مریشك هەستی بە تێک چوون کرد.

مریشك ئەرشایەوە. تفی قوتدەدایەوەو فرێی دەدایەوە. دەپشمی و
دەکۆخی. دوایی ئەڕشایەوە. هەزارپێیەکە زۆر قێزەون بوو.

مریشك ئەوەندە کۆخی تا رشایەوە و هەزارپێی لە ناو سکی فڕێدایە دەرێ. دایکی هەزارپێ و منداڵەکەی چوونە سەر دارێکی بۆ ئەوەی خۆیان بشارنەوە.

لەوکاتەوە تا ئێستا مریشکەکان و هەزارپێکان بوونەتە دوژمنی یەکتر.

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## مریشك و هەزارپێ

Skriven av: Winny Asara
Illustrerad av: Magriet Brink
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på många språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 3.0 Internasjonal Lisens.